# توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە اللە لە خوڵقاندندا

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێـت: پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- هاتە ژوورەوە بۆ لام، ومن دۆڵابێکم بە پەردەیەك داپۆشی بوو ؛ کە وێنەی لەسەر کێشرا بوو، کاتێك بینی پچڕانی ورەنگی گۆڕا، وفەرمووی: «ئەی عائیشە، توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە اللە لە خوڵقاندندا»، عائیشە دەڵێت: «دڕیمان وکردمان بە سەرینێك یان دووان».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەری خودا -صلی اللە علیە وسلم- چووە نێو ماڵەکەی بۆ لای عائیشە، دۆڵابێکی بچووکی هەبوو کە هەندێك شتومەکی تێدا دادەنا؛ پێغەمبەر -صلی اللە علیە وسلم- بینی بە قوماشێك ئەم دۆڵابەی داپۆشیووە کە وێنەی ڕۆح لەبەری لەسەرە، بەهۆی توڕەبوونی لەپێناو اللە ؛ ڕەنگی گۆڕا ولایبرد، وفەرمووی: توندترین ئازاردان لەلای خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا ؛ لەسەر ئەوانەیە کە خۆیان دەچوێنن بە اللە لە خوڵقاندندا. عائیشە دەڵێـت: بۆیە ئێمە کردمان بە سەرینێك یان دووان.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5931

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee